# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کورد و کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی لە
## دەرەوەی وڵات 1984-1998

پڕۆگرامی ئامۆژگاری ڕۆشنبیری و هونەری کورد
هەڵوێست ژمارە(1) بەهاری 1984
=============

ائا/ ناوی ئامۆژگا(ئامۆژگای ڕۆشنبیری و هونەری کورد) و بە (ئارۆك) ناو دەبرێ.
ب/ سروشتی ئامۆژگا:

1/ ئارۆك دەزگایەکی ڕوناکبیریی، هونەریی، ئەکادیمییە بۆ پاراستن و خزمەتکردن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زمان و کەلتوورو هونەری کوردی دامەزراوە و لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستەدا هەوڵ دەدا زەمینەیەکی ڕۆشنبیری فراوان بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی هەوڵ و چالاکی هەموو کوردێکی خاوەن قەڵەم و بەهرەدار و ڕوناکبیر لە شاعیر و نووسەرو نیگارکێش و زمانەوان و مۆسیقازان و پەیکەرتاش و ئەکادیمی و زانا و دوکتۆر و باسکار..... هتد پێکبێنێ.

2) ئارۆك دەزگایەکی ڕوناکبیری میللی سەربەخۆیە و سەر بە هیچ پارت و کۆمەڵ و دەستەیەکی سیاسی و دەزگایەکی ڕەسمی نییە. ئارۆك مەیدانێکە بۆ خزمەتکردن و کارکردن. هەر ڕوناکبیرو خوێندەوارێکی دڵسۆزی کورد کە بیەوێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و خزمەتی گەلی کورد و کوردایەتی و زمانی کوردی و ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی دیموکراتی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز تێبکۆشێ، بانگ کراوە بێتە ئەو مەیدانەوەو جێگای شیاوی خۆی وەرگرێ.

3/ هیچ پارت و کۆمەڵ و دەستەیەکی سیاسی بۆی نییە چالاکییەکانی ئارۆك بە دەسکەوت و چالاکی خۆی لە قەڵەم بدا، ئارۆك مڵکی نەتەوەی کوردەو هەر کۆمەك و یاریدەیەکی ماددی و مەعنەوی کە پێشکەش بەم ئامۆژگایە بکرێ بەبێ مەرج و گرێ و بە مەبەستی پشتگیری کردنی ئەو ئامانجانە بن کە لەم پرۆگرامەدا دەستنیشان کراون.

ج/ئامانجە سەرەکییەکانی ئامۆژگا:

1/ ئارۆك مەبەستیتی هەموو جۆرە چالاکییەکی ئەدەبی و ڕوناکبیریی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای مەسەلەی سەرەکی کورد دا بێ. لەو پێناوەدا هەوڵدەدا گیانی لە یەکدی گەیشتن و باوەڕ گۆڕینەوەی هێزو سیاسەتی بۆ کورد بە چاکترین شێوە لێك نزیك ببنەوە.

2/ خزمەت کردنی زمان و هونەرو مێژو- و میراتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کورد زەمینەی فراوان و بنچینەی یەکێتی کارکردنی هاوکارانی ئارۆك پێك دێنێ.

3/ ئارۆك تێدەكۆشێ لە پێناوی پێشخستن و پەرەپێدان و گەلاڵە كردنی ڕۆشنبیرییەكی نەتەوەیی دیموكراتی سۆشیالستی كە دژی ئیمپریالزم و ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی بجەنگێ و ببێتە پاڵپشت و ڕێگا روناككەرەوەی ڕێڕەوی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەكەمان لە كوردستاندا.
4/ ئارۆك تێدەكۆشێ هونەرو ڕۆشنبیری كوردی وەك كەلتوورێكی كوردستانیی هاوسەردەم بخاتە ڕوو- واتە وەك بەرهەمی ڕووناكبیری كورد لە كوردستاندا بەبێ سەپاندنی ڕۆحی پارچە پارچەیی.. لەم ڕێگایەوە هەوڵ دەدا هونەرو ئەدەب و تێكڕای ڕۆشنبیریی كوردیی بكاتە زەمینەیەكی چەسپاوو لەبار بۆ بەرچاوخستن و ڕاگەیاندن و جەماوەری كردنی مەسەلەی كورد، وەك مەسەلەی یەك نەتەوەی بەشخوراوو چەوسێنراوە لە یەك كوردستانی دابەشكراودا.
5/ ئارۆك هەوڵ دەدا هونەرو ڕۆشنبیری كوردی بكاتە مەیدانێكی كاریگەر بۆ ناساندنی گەلی كوردو ئازارو ئاواتەكانی بەڕای گشتی جیهان و .. هەوڵ دەدا ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری كوردی شوێنی شیاوی خۆیان لە نێو ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیریی پێشكەوتنخوازی گەلانی جیهاندا، بە تایبەتی گەلانی جیهانی سێیەمدا ، وەربگرێ.
6/ ئارۆك هەوڵ دەدا مەیدانی ڕۆشنبیری كوردستانی، بكاتە مەیدانی پێك گەیشتن و وتو وێژو ئاڵ و گۆڕی بیروڕای جیاواز لە چوارچێوەیەكی دیموكراتی كراوەداو، بەمە زەمینەی هاودەنگی و یەكێتی و ئامانج و ئاوات و ڕێباز لە نێوان ڕوناكبیرانی كوردا بەتایبەتی و ، لەگەڵ ڕوناكبیرانی پێشكەوتنخوازی عەرەب و فارس و تورك دا ، بەگشتی فەراهەم بكات.
د/ مەیدانەكانی چالاكی ئامۆژگا:
ك/ زمان: زمان ڕۆحی نەتەوەیە... زەمینەی یەكێتی ڕۆشنبیریی(كەلتوریی) و مەعنەوی ئەندامانی نەتەوەیە، ئامرازی لە یەك گەیشتن و درووستكردنی یەك هەوێتی نەتەوەییە. زمان چەكی پاراستنی ڕەسەنێتی كەڵچەرو ئەدەب و ، بابەتەكانی بیرو- مێژوو فەلسەفەی ژیانی كۆمەڵایەتی گەلەكەمان. بۆیە:
فێركردن و فێربوونی زمانی كوردی، بە هەموو زارەكانیەوەو، هەوڵدان بۆ پێشخستنی زمانی ئەدەبیی یەكگرتوی ئیستامان بە متوربە كردنی بە وشەو پەیڤ و زاراوەی هەموو شێوەكانی دی، ئەركی گەورەو سەرەتایی ئامۆژگایە.
ئارۆك تێدەكۆشێ مەودای فێركردن و فێربوونی زمانی كوردی بۆ هەموو كوردێكی ئاوارە بڕەخسێنێ و.. هەموو كوردێك بخاتە بەردەم لێپسراوی نەتەوەیی فێربوونی زمانەكەی خۆیەوە.( گەر كوردێكی بەڕاستی زمانەكەی خۆت بزانە: بە قسەكردن و خوێندنەوەو نووسین) . ئەمە ئەم دروشمەیە كە ئارۆك بەرزی دەكاتەوە. بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجەش هەوڵ دەدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێ بەجێ بكا.
1/ دانانی بەرنامەیەكی بەربڵاوو ڕێك و پێك بۆ فێركردنی زمانی كوردی- هەر لە قۆناغی سەرەتایی وە ، تا قۆناغی خوێندنی بەرز.
2/ هەوڵ دان بۆ ڕێكخستنی فەرهەنگێكی كوردی/ ئینگلیزی كە وشەی هەوو زاراوەكانی زمانی كوردی بگرێتەوە.

3/ دانانی گرامەرێکی زانستی زمانی کوردی.
4/ کردنەوەی پۆلی فێرکردنی زمانی کورد بۆ:
- منداڵی خێزانانی ئاوارەی کورد.
- بۆ ئەو کوردانەی کە بەکوردی نازانن و ئەو بێگانانەی دەیانەوێ کوردی فێربن.
- بۆ فێربوونی زارەکان.

ب/ ئەدەب: نەتەوەکەمان نەك هەر زمانەکەی خۆی لە شاڵاوی دڕندانەی دوژمنەکانی پاراستوە، بەڵکو گەلێك گەورە کاری ئەدەبی بەرزو بەهاواری بەو زمانە شیرینە داڕشتووە.. هەر لە بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆرییمانەوە، تا کارە پێشکەوتووەکانی ئەدەبی نوێی ئەم سەردەمەمان.. نەبوونی ئازادیی و کەمدەرفەتیی لە پارچەکانی کوردستاندا وای کردووە میراتی فۆلکلۆریی و ئەدەبییمان بەرەو کزی و لە بیرچوونەوەو نەمان بڕوا، یان شاراوەو کپ کراو بمێنێتەوە، بۆیە ئامۆژگا بە پێویستی دەزانێ کە هەوڵ بدرێ بۆ:
1/ بەناودا گەڕانێکی (مسح) ئەو کوردو خێزانە کوردە ئاوارانەی لە ئەوروپادا دەژین و دەستنیشان کردنی ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن ( بەتایبەتی لە نێو کوردەکانی کوردستانی سەروو( تورکیا) و گۆرانی و ستران و لاوك، یان چیرۆك و حیکایەتی کوردییان لە بیرەو ، هاندان و قەناعەت پێکردنیان کە ئەم شتانە لەسەر شریتی کاسێت تۆمارکەن ، ئەوسا بنوسرێتەوەو وەك کەرەسە بۆ کۆڵینەوەی زمانەوانی ، وەك بەرهەمی میراتی ئەدەبیمان بپاریزرێن و گەر توانرا چاپ بکرێن.
2/ زیندووکردنەوەو چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کارو بەرهەمە ئەدەبیانەی گرنگێتی زۆریان لە ڕووی ڕۆشنبیری و سیاسی یەوە هەیە، بەتایبەتی ئەو کارانەی دەرفەتی بڵاوکردنەوەیان لە کوردستاندا نەبووە.
3/ هەوڵ دان بۆ سازکردنی کۆڵینەوەیەکی تێرو پڕو فراوانی ئەدەبیی کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئێستا.
4/ ئامادەکردنی مێژوویەکی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی هەر لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ.
5/ ئامادەکردنی مێژوویەکی ڕۆژنامەگەری کوردیی هەر لە سەر هەڵدانییەوە تا ئێستا.
6/ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایەکی گشتی ئەو بەرهەم و نووسین و بڵاوکراوانەی بە زمانی کوردی چاپ کراون ، هەر لە کۆنەوە تا ئێستاو ، بڵاوکردنەوەی ئەو بیبلیۆگرافیایە بە زمانی ئینگلیزی و زمانە ئەوروپیەکانی تر.
7/ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبێکی هەڵبژاردەی شیعری کوردی هەر لە کۆنەوە تا ئێستا ، بە مەرجێ ئەو شیعرانە بگرێتە خۆی کە ژیانی نەتەوەکەمان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و هەڵوێستی شۆرشگێڕییەوە دەردەبرن و لە ڕووی هونەریشەوە ئاستێکی باشیان هەیە.
8/ هەوڵدان بۆ وەرگێڕانی کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی شیعرو چیرۆکی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی.

ج/ مێژوو- و کەڵچەر: بەداخەوە مێژووی کورد ، مێژووی کوێربوونەوەی ئەو مێژووەیە.. ژیانی کورد ، خوێنی کورد، خەباتی کورد هەر مەیدانی تاقیکردنەوە دوای تاقیکردنەوە بووە.. بەبێ ئەوەی هیچ لەوتاقیکردنەوانەی فێربین.. چونکە هیچ پەندو دەرسێکمان لێ وەرنەگرتوون، ئەمەش لە بەر ئەوەیە وەك پێویست کۆڵینەوەی زانستی و تێروتەسەلمان دەربارەی هەموو قۆناغەکانی ژیان و خەباتی گەلەکەمان نییە. دیارە نووسینەوەی زانستیانەی مێژوو لە بابەتەکانی ئابووری و کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژییەتی نەتەوەیی و جوگرافیا و دەوروبەرو ، سیاسەتی جیهانی جیانابێتەوە. ئێمە پێویستمان بەو جۆرە دیراسانە هەیە . ئەو جۆرە دیراسانەش پێویستیان بە ، یەکەم : بە کەسانی خۆتەرخان کردوو هەیە . دووەم : بە بوونی دەزگایەك کە هەل و مەرج و پێداویستی ڕێکخستن و سەرکەوتنی ئەو دیراسانە دابین بکا. ئەمەش لە دەرەوەی سنووری توانای ئامۆژگادایە.. بەڵام ئامۆژگا هەوڵ دەدا هەل و مەرجی دروست بوونی دەرفەتی بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکە بڕەخسێنێ لە ڕێگای:

1/ پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوەکانی قوتابیانی کوردستانەوە لە ئەوروپا و هاندانی قوتابیان کە خۆیان بۆ خوێندنی بەرز لەو بوارانەدا تەرخان بکەن و هەوڵدانی بەدەست هێنانی یارمەتی ماددی و مەعنەوی بۆ ئەو قوتابیانە.

2/ پەیوەندی کردن بە لیژنەی (گرانتی) زانکوکانی بەریتانیاو ( مەکتەبی دیراساتی خۆرهەڵاتی و ئەفریقی) یەوە (School of Oriental and African Studies) بۆ دامەزراندنی پرۆگرامێکی خوێندنی بەرز لە دیراساتی کوردیدا.

3/ هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئەو سەرچاوەو کتێب و بەڵگەنامانەی دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ، یا کتێبخانەو دایەرە تایبەتیەکاندا هەن و کۆکردنەوەو پاراستنیان و خستنیانە بەردەستی ئەوانەی کۆڵینەوە دەربارەی مێژوو- و کەڵچەری کورد دەکەن.

4/ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی کوردی لە لەندەن.

5/ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی مۆزەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد.

د/ چالاکی تر:

1/ دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری زانستی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی.

2/ سازکردنی ئاهەنگ و کۆڕی یەکگرتوو بۆ یادو ساڵگەردی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان

3/ ڕێکخستنی کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی.

4 / هەوڵدان بۆ پێکهێنانی تیپێکی شانۆیی و مۆسیقی.

5 / هاوکاریکردن و ڕیکخستنی چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئەوڕێکخراوە ڕۆشنبیریی و هونەرییە کوردییانەی لە ئەوروپان و ئامانجی لێکچووی ئەم ئامۆژگایەیان هەیە.

6 / هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تایبەتی لە تەلەفزیۆنی بەریتانیا دەربارەی کەڵچەرو کەلەپوور و مەسەلەی کورد بەگشتی.

7 / هاوکاریکردن و ڕێکخستنی چالاکی هاوبەش لە گەڵ دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی جیهانی سێیەم.